Kirkuk University Journal of Humanities Studies

مجلة جامعة كركوك للدراسات الإنسانية

https://kujhs.uokirkuk.edu.iq/

# Combination of Religious and National Dimensions in Kosari's Poems

**Kawa Ali Mardan**

Salahaddin University

College of Basic Education

Kurdish Department

kawa.mard@n.su.edu.krd

| تاريخ القبول 2024-11-20 | تاريخ التعديل 2024-11-10 | تاريخ 2024-10-09 |
|---|---|---|

## Abstract

This research entitled "Combination of Religious and National Dimensions in Kosari's Poems," examines both religious and national themes within his poetry. Each dimension is taken and interpreted separately in the poetic texts to illustrate the level of presence of each in these dimensions in his poetic texts to find out to what extent has the poet focused on religious and national dimensions? Or is the presence of dimensions represented separately in a poetic text? Or do they appear in a combined form in a single poetic text? Additionally, it is aimed to explore what kind of tasks the messages of the poetic texts carry, for what purpose and goal the poet has used these tasks in his poems. This study employs descriptive and analytical methods, the results of the study indicate that Kosari's poems are primarily focused on conveying human messages, including both religious and national dimensions in his poems. In general, it seems that the poet has dominated the religious and national dimensions in the message of his poems and has composed beautiful poetic texts, many of which have artistic aesthetics.

**Keywords** :(Religious Dimension, National Dimension, Poetry, Kosari, Message, Carry).

**Doi:10.32894/1992-1179.2024. 19.02.02.50**

**تجانس بين البعدين الديني و والوطني في قصائد كوساري**

**ملخص البحث :** يتناول هذا البحث بعنوان (تجانس بين البعدين الديني و الوطني في قصائد كوساري) موضوعات دينية و الوطنية في شعره، حيث تم أخذ كل بعد على حدة و تفسيره في النصوص الشعرية لتوضيح مستوى حضور كل منهما في هذه الأبعاد في نصوصه الشعرية لمعرفة إلى أي مدى ركز الشاعر على الأبعاد الدينية و والوطنية؟ أم أن حضور الأبعاد متمثل بشكل منفصل في نص شعري؟ أم أنها تظهر بشكل مركب في نص شعري واحد؟ بالإضافة إلى ذلك يهدف إلى استكشاف نوع المهام التي تحملها رسائل النصوص الشعرية، ولأي غرض وهدف استخدم الشاعر هذه المهام في قصائده. تستخدم هذه الدراسة الأساليب الوصفية و التحليلية، و تشير نتائج الدراسة إلى أن قصائد كوساري تركز في المقام الأول على حمل الرسائل الإنسانية، بما في ذلك البعدين الديني و الوطني في قصائده. و بشكل عام، يبدو أن الشاعر قد هيمن على البعدين الديني و الوطني في رسالة قصائده وألف نصوصا شعرية جميلة، يتمتع الكثير منها بجماليات فنية.

**الكلمات الدالة: (البعد الديني، البعد الوطني، الشعر، الكوساري، الرسالة، الوظيفة)**

# ئاوێتەبوونی ڕەهەندی ئایینی و نیشتمانی لەنێو لەشیعرەکانی (کۆساری)دا

**کاوە عەلی مەردان•**

## پێشەکی

شیعر وەکو هەر یەك لە ژانرەکانی تری ئەدەب خاوەن بنەما و ئەرکی تایبەت بەخۆیەتی، کە لەو ڕێگەیەوە پەیام و مەبەستی خۆی ئاراستە دەکات، کەواتە هەر دەقێکی ئەدەبی (شیعر)ی خودان ئەرکە و بارگاوییە بە پەیامێك یان چەند پەیامێکەوە، جا ئەو پەیامە لە خزمەتی لایەنە هونەرییەکە بێت، یانیش لەپێناو ئەرکێکی مرۆڤایەتی هاتبێتە ئاراوە، لەم بارەیەوە دەبینین (کۆساری)ی بە شێوەیەکی گشتی شیعرەکانی ئەرکدار کردووە و بەتەنیشت لایەنە هونەرییەکە، پەیامداری کردوون، لەمیانەیدا دەقی شیعری جوانی بەرهەمهێناوە. لێرەدا کار لەسەر ڕەهەندی ئایینی و نیشتیمانی و ئاوێتەبوونیان کراوە، بەجۆرێك لەڕوانگەی ڕەهەندەکانەوە شرۆڤەی دەقە شیعرییەکان کراوە.

1- ناونیشان و بواری توێژینەوە

ناونیشانی توێژینەوە ( ئاوێتەبوونی ڕەهەندی ئایینی و نیشتمانی لەنێو لەشیعرەکانی (کۆساری)دا) بە لەبەرچاوگرتنی هەردوو ڕەهەندی ئایینی و نیشتمانی کار لەسەر شیعرەکان کراوە، ئەو شیعرانەش شرۆڤەکراون کە لەنێو دەقێکدا هەردوو ڕەهەندەکە ئاوێتەی یەکدی بوون.

---

•مدرس مساعد جامعة صلاح الدين أربيل كلية التربية الأساسية قسم اللغة الكوردية

1-1- گرنگی توێژینەوە:

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە ئەرکی شیعر وەك ڕێگایەکی بەشدار لە بونیادنانی پەیامی شیعری بناسێنرێت، ئەوەش لەمیانی ڕەهەندی ئایینی و نیشتمانی لە نێو شیعرەکانی کۆساری خراوەتەڕوو.

2-1- ئامانجی توێژینەوە:

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە ئەرکی شیعر بەگشتی بناسێنرێت پاشان چۆنێتی ئاوێتەبوونی ڕەهەندی ئایینی و نیشتیمانی شیعرەکانی (کۆساری) باسکراوە، هاوکات بەشێوەی پڕاکتیکیش کاری لەسەر هەر دوو ڕەهەندەکە کراوە، کە لەنێو شیعرەکاندا بەرجەستە بوون.

3-1- میتۆدی توێژینەوە:

لەم توێژینەوەیەدا سوودمان لە میتۆدی (وەسفی شیکاری) وەرگرتووە.

4-1- سنووری توێژینەوە

سنووری ئەم توێژینەوەیە لەڕووی بابەتەوە هەردوو ڕەهەندی ئایینی و نیشتمانی بەئامانج گیراوە، لەڕووی دەقیشەوە تەنها شیعرە ئایینی و نیشتمانییەکانی کۆساری بۆ مەبەستی توێژینەوە وەرگیراون

5-1- ناوەرۆکی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە لە دووبەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکدێت، لەگەڵ پوختەی باس بە زمانەکانی (عەرەبی و ئینگلیزی)، بەشی یەکەم لەچوار تەوەر پێکدێت، تەوەری یەکەم ناونیشان و بواری توێژینەوە ڕوونکراوەتەوە، تەوەری دووەم چەمکی ئایین ڕوونکراوەتەوە، تەوەری سێیەم باسی پەیوەندی نێوان ئەدەب و ئایین کراوە، تەوەری چوارەم ئەرکی شیعر باسکراوە. بەشی دووەم پڕاکتیکیە لە سێ تەوەر پێکدێت، تەوەری یەکەم ڕەهەندی ئایینی شیعرەکانی کۆساری و تەوەری دووەم ڕەهەندی نیشتمانی شیعرەکانی کۆساری، هەروەها تەوەری سێیەم ئاوێتەبوونی ڕەهەندی ئایینی و نیشتمانی شیعرەکانی کۆساری کاریان لەسەرکراوە.

2- چەمکی ئایین:

1-2-ئایین چییە؟

ئایین ئەو پێویستییە ڕووحیەیە، کە هەمیشە مرۆڤی بۆ خۆی کەمەند کێشکردووە و خواستی ئەوەی هەیە ڕووح و دەروونی مرۆڤ بگەیەنێت بە لووتکەی ئارامی، بە دەربڕینێکی دی ئایین سەرچاوەی کانیاوێکە

بۆ پاراوکردنی تینوێتی ڕووح و پشوودانی ناخ و ئاسوودەیی دەروون، هەڵبەتە مرۆڤ هەر لەسەرەتای دروست بوونییەوە بابەتی ئایین بەلایەوە گرنگی و پیرۆزی خۆی هەبووە، ئەمەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە پەرستش (عیبادەت) چەمکێکە پەیوەستە بەلایەنە ڕووحییەکەیەوە، (لە ڕاستیدا تایبەتمەندی خودی مرۆڤەکان دەریدەخات، کە دروستکراوی خوداییە هەرلە دایکبوونییەوە بە درێژایی ژیانی پارێزگاری لەو فیترەتە کردووە وەکو غەریزەکانی مانەوەو سێکس و ...هتد) (اسماعیل، 2004: 17). ئاشکرایە ئەم بوونەوەرە بەجۆرێك دروست (خلق) کراوە، لەنێو ناخیدا بیردەکاتەوەو بەدوای خالیقی خۆیدا وێڵە، بەردەوامیش مژووڵی ئەوەیە بەڕاستییەکان بگات. لێرەوە دەتوانین بڵێین ئایین و مرۆڤ دوانەیەکی دانەبڕاون و بەردەوام بەشوێن یەکەوەن، بەڵام مرۆڤ وەك بوونەوەرێکی هۆشیار هەمیشە بەشوێن سۆراغی ئایین و خالقی خۆی بووە، بۆئەوەی بگات بەو ڕاستییەی، کە باوەڕی پێیەتی تاکو پەرستشی خۆی بۆ بکات. ئاشکرایە ((مرۆڤ وەك بوونەوەرێکی باڵا دەکەوێتە ژێر کاریگەریی و هەژموونی ئایین و پێی سەرسام دەبێت لە هەمانکاتدا مایەی ئاسوودەییشە بۆ دەروونی)) (میرئاودەلی، 2012 : 8). کەواتە ئایین وەك ڕەهەندێکی سروشتی بەسەر بیرو هەستی مرۆڤدا زاڵە، هاوکات مایەی چێژ و خۆشی بەخشین و ئاسوودەیی دەروونیشە.

2-٢- ئەدەب و ئایین

ئەدەب و ئایین، پەیوەندییەکی لەمێژینە و مێژوویەکی دووردرێژیان پێکەوە هەیە، بە وردبوونەوە لە ئەدەبیات و شارستانییەتی گەل و نەتەوە جیاوازەکانی چەند هەزار ساڵێك بەرلە زایین، دەبینین ئەدەبەکەیان مۆرکی ئایینی بەسەرەوە دیارە، ((ئەمنحوتێبی چوارەم 1380ی پێش مەسیح کە بەناوی ئەخناتوون ناسرا بوو، شاعیربووە، هەندێ شیعری لەپیاهەڵدانی (مەدح) ئەنتۆنی خودا داناوە، ئەم شیعرانە بەجوانترین بەرهەمێك دادەنرێن کە لە ئەدەبی میسری کۆن مابێتەوە)) (خەزنەدار، 2001: 138). ئەدەبی کۆنی گریکی لە ئەفسانە و سروودە ئایینییەکانەوە دەستیپێکردووە، ناوەرۆك و کاکڵەی ئەو بابەتانەش پتر لایەنی ئایینی لەخۆگرتووە، لەم بارەیەوە دەبینین ((لە سەرچاوە مێژوییەکاندا هاتووە سەرەتا هەندێ شاعیری لیریکی ئایینی، سروودی ئاینییان داناوە، دیارە بێگومان ئەم سروودانە لەڕووی ناوەرۆك و بابەتەوە سروشتێکی دینیان هەبووەو تیایدا ستایشی خواوەندەکانیان کردووە)) (حوسێن و نازم، 202: 2020). ئەمەش ئەوە دەردەخات، دەستپێکی سەرهەڵدانی ئەدەبیاتی هەموو گەل و نەتەوەکان لەو نێوەندەشدا یۆنانییەکۆنەکان لەسایەی ئایینەکانی ئەو سەردەمەوە بووە. ئەم دیاردەیە لە ئەدەبی عەرەبیشدا بەرلە هاتنی ئایینی ئیسلام بەرچاو دەکەوێت، کە ئامادەیی ئایین لەنێو دەقی شیعریدا زۆر بەڕوونی دەبینرێت (شیعری

سەردەمی جاهیلی هەڵگری ڕەمزی ئایینی بوونەو لایەنێکی ڕووحی تیایاندا شاراوەتەوە) (العدوان، 2007: 14). کەواتە ئەدەبی عەرەبی ئەو سەردەمە بارگاوی بووە بە ڕەهەندی ئایینی، جا ئایینەکە ئاسمانی بووبێت وەکو: (یەهوودی ، نەسرانی ... هتد) یانیش ئایینی دروستکراوی مرۆڤەکان خۆیان بووبێت، ئەمانە بەڵگەی ئەوەن کە ئەدەبی عەرەبیش پێش ئیسلام کاریگەریی ئایین بەسەر دەقە ئەدەبییەکانی ئەو سەردەمە، هاوشێوەی ئەدەبیاتی کۆنی گریکەکان بەئاشکرا دەبینرێت. هەروەها ئەدەبیاتی کۆنی ڕۆمانی و فەڕەنسیش بەهەمانشێوە کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی ئایینەوە. دەکرێ بگوترێ ئایین بووە بە سەرچاوە و ئیلهام بۆ گەشەکردن و داهێنانی ئەدەبی زیاتر. ئەدەب و ئایین مێژوویەکی دێرینیان پێکەوە هەیە، دەبینین دەقە ئاینییەکان ئیلهامبەخش بوونە بۆ بەرهەمە ئەدەبییەکان، لە کتێبی پیرۆزەوە (ئینجیل) تا (قورئان) هەروەها (مەهاباراتا) (Rani, 2021: 60). دیارە ئەدەب و ئایین لەو خاڵەدا یەکدەگرنەوە، کە پەیوەندییەکانیان بەرەو یەك ئاراستە هەنگاو دەنێن، هەردوو ڕەهەندەکە کار لەسەر لایەنە ڕووحیەکە دەکەن؛ چونکە ((ئەو پانتاییەی ئایین قسەی لەسەر دەکات بەشێکی گەورەی بریتییە لە دواندنی ڕۆحی مرۆڤەکان، بە هەمان شێوەش هونەر ئەو پانتاییە دەنوێنێت)) (سعید، 2019). هەرچەندە جۆری دواندنەکە جیاوازە بەو پێیەی ئایین دواندنەکەی لەسەرەوەیە و زمانی گفتوگۆ کردنیشی لەڕووی زانستییەوە ئاستێکی بەرز و باڵاتر هەیە، گوتارەکەشی گشتگیرە و بە تێپەڕبوونی کات و سەردەمیش لەو بەها بەرزەی کەم نەکردووە، بۆ ئەم مەبەستە گەر لە گوتاری (قورئانی پیرۆز) بڕوانین شێوازی ئەو گوتارەمان بۆ ئاشکرا دەبێت، هەروەك دووبارە بوونەوەی ئەم ئایەتانە (يَا أَيُّهَا الْإِنْسَانُ  ،  يَا أَيُّهَا النَّاسُ ). دیارە ئەم گوتارە بەرزی ئاستی زمانەکە لە شێوازی دەربڕین لە دواندنی بەرانبەرەکەیدا پیشاندەدات؛ چونکە لەکاتی بانگکردن و دواندنەکەدا پەیامەکە ئاراستەی کەسێك یان گرووپێکی دیاریکراو لەشوێن و کاتێکی دیاریکراودا ناکات، هەروەها لەکاتی بانگکردنی ئەو مرۆڤانەش، کە باوەڕیانهێناوە دەفەرموێ: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا ) (سورة المائدة، اية 1، ص106) ئەم جۆرە بانگکردنەش دیسان بۆ گرووپێکی دیاریکراو نییە، بەڵکو بۆ سەرجەمی ئەو مرۆڤانەیە باوەڕیانهێناوە جا لە هەر گەل و نەتەوە و ئاستێکی چینەکانی کۆمەڵدا بن. ئەوەی ڕوونە پەیامەکە ئاڕاستەی کۆی گشتی مرۆڤایەتی و لەهەموو سەردەم و شوێنێك دەکات، ئەمەش بەو مانایە نییە کە ئەو زمانەی ئایین پیادەی کردووە تەنها لە دووتوێی نەرمی نواندندابێت، بەڵکو ئایین شێوازی تری زمانیش بەرجەستەکردووە، وەك بابەتی هۆشداریدان، بە زمانێکی توندو لە شێوازی فەرمانکردن و هەندێجار هەڕەشە ئامیزدایە؛ کەچی شێوازی زمانی دواندنەکە لەنێو ئەدەبدا نەرمە و پتر

قسە لەگەڵ هەست و سۆزی مرۆڤ دەکات. جێی بیرهێناوەیە پەیوەندی نێوان ئەدەب و ئایین لای گەلە موسڵمانەکانیش بەتایبەت ئەو ئەدەبەی زیاتر خۆی بە مەسەلە ئایینییەکەوە گرێداوە، پەیوەندییەکە لەئاستێکی بەهێزدایە، زۆرجار دەقی قورئانیی لەنێو شیعرەکاندا دەبینرێت، یاخود دەقئاوێزانیان لەگەڵ ئایەتەکانی قورئاندا کردووە، بۆنموونە لە شیعری سۆفیزمدا دەبنین ((تەوزیفکردنی گوتاری ئایینی تێکەڵ بە شیعریەتە، لەو ڕوانگەیەوە سەرجەم بۆچوونەکانی شاعیرە سۆفییەکان لەگەڵ قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر (د.خ) هاوتا دەبێتەوە، تا دەگاتە ئەو ئاستەی کە شیعرە دڵدارییەکانیشان بۆنی ئایینی لێدێت)) (عبدالله، 2022:  367). لەم گۆشەنیگایەوە ئەدەبی کلاسیکی کوردی زۆر بەزەقی ئەم دۆخەی تێدا بەدیدەکرێت؛ چونکە شاعیرانی کلاسیکی کوردی جگەلەوەی دەرچووی حوجرەی مزگەوتەکان بوون، هاوکات زۆرینەشیان مەلا بوون و تەنانەت ((ڕۆشنبیریی ئەم شاعیرانە ڕۆشنبیرییەکی ئایینی بووەو ڕاستەوخۆ کەوتوونەتە ژێرکاریگەری دەقە ئایینییەکان)) (کەڵهوڕ، 2008: 7). دیارە شاعیرانی کلاسیکی کورد ئایین بەگشتی و قورئان بەتایبەتی بووەبە سەرچاوەی سەرەکی ئیلهامی شیعرەکانیان. جێی باسە قورئان بەتەنها کاریگەری لەسەر گەلە موسڵمانەکان نەبووە، بەڵکو شوێنەواری لەسەر گەلانی تریش هەبووە، بەتایبەت لەسەر ئاستی نووسەر و ئەدیبان و نوخبەی دیاری کۆمەڵگا وەکو: (تۆڵستۆی ، لامارتن ، پوشکین ، بەرنادشۆ ، گۆتە...هتد). کەواتە لەهەموو سەردەمە جیاوازەکاندا ئایین وەك بابەتی پەرستش کاریگەریی لەسەر چین و توێژەکانی کۆمەڵگە هەبووە، هەندێجاریش ئەدەب باوەشی کردووە بە ئاییندا و لەنێو جەستەی دەقی ئەدەبیدا بەڕوڵەتێکی جیاوازتر نمایش کردووە. کەواتە دەکرێ بگوترێ: هەرچەندە پەیوەندی نێوان ئەدەب و ئایین لەسەردەمە جیاجیاکاندا هەڵکشان و داکشانی بەخۆوە بینیوەو هەندێجار بەرەو کزی و لاوازی ڕۆیشتووە، بەڵام بەگشتی گەر چاوێك بە مێژووی مرۆڤایەتیدا بخشێنینەوە دەبنین ئەو پەیوەندییە تا بە ئێستاش هەر ماوە.

2-٣- ئەرکی شیعر

لەڕووی زاراوەوە بەکارهێنانی ئەرك وەك پەیڤێك لە زمانی قسەکردنی ئاساییدا، بەواتای بەجێگەیاندنی کارێك دێت، لە فەرهەنگی خاڵدا هاتووە: ((ئیش و کاری زۆر ڕەنجی سەرشان: فیسار کەس (ئەرك)ی زۆر هەیە)) (خاڵ، 1366: 73) ئەمەش بە واتای کار ڕاپەڕاندن دێت. ئەدەب بەگشتی ئەرکی چییە...؟ لەمبارەیەوە سێ تیۆر هەیە، ئەونیش دوانیان دژ بەیەکن و سێیەمیان گونجانە، تیۆرەکانیش بریتین لە: یەکەمیان (هونەر بۆ هونەر و هیچی تر) لەم ڕوانگەی ئەم تیۆرەوە هونەر تەنها لەپێناو ئیستاتیکا بونیاد

دەنرێت، بەو مانایەدێت پەیامی دەق گرنگ نییە، لەهەمبەردا ئەوەی گرنگ بێت ئیستاتیکای هونەرییە. دووەمیان: (هونەر بۆ ژیان) واتە ئەدەب دەبێت سوود و کەڵکی بۆ ژیان هەبێت و لەپێناو خزمەتکردن بە مرۆڤایەتیبوون دابهێنرێت لەدەرەوەی ئەمە تیۆرەکە لایەنە هونەرییەکەی بەلاوە گرنگ نییە، سێیەمیان: تیۆری گونجان وایدەبینێت ئەدەب چێژبەخشە و سوود دەگەیەنێت (الرحماني، 2021). کەواتە لەڕوانگەی

ئەم تیۆرەوە ئەدەب جگەلەوەی خاوەنی ئیستاتیکایەکی بەرزی هونەرییە، هاوکات هەڵگری پەیامی مرۆڤایەتیشەو بەهابالاکان لەناواخنیدا بەرجەستە دەبن، لەم سۆنگەیەشەوە ئاوێتکردنی لایەنی ئیستاتیکی و پەیامی دەق گونجاندنێك لەنێو هەردوو جەمسەرەکە دێتەئاراوە، بەدەربڕینێکیتر دەقی ئەدەبی لەیەك کاتدا دەتوانێ هەڵگری پەیام خودان ئەرکی ئیستاتیکیش بێت. شیعریش وەك هەر ژانرێکی تری ئەدەبی خاوەن بنەما و ئەرکی تایبەت بەخۆیەتی کە لەڕێگەیەوە هەست بە بەهای ئیستاتیکی و پەیامە هونەرییەکەی دەکرێت، زۆرجار شیعر هەڵگری ڕەهەندی مرۆییەو تێدا پەیام و بەها ئیستاتیکییەکە ئاوێتەی یەکدی دەبن، لەم بارەشدا کەمتر بەهای هونەری خۆی لەدەستدەدات، ئاشکرایە ئەرکی شیعر لەپاڵ بەهای ئیستاتیکی هەڵگری پەیامێکە و لەڕێگەی ئەو پەیامەوە بەدیاردەکەوێت، لەو ڕوانگەیەوە، کە ئەرکی شیعر دەرژێتە خانەی تیۆری ئەدەبییەوە؛ بۆیە ئەم تیۆرە مەسەلەی ئەرکی شیعر بەکاری خۆی دەزانێ و هەمیشە بە دوای وەڵامی ئەو پرسیارەوەیە کە ئەرکی ئەدەب بە گشتی چییە؟ ((لە ڕاستیدا هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی لە پێناو بەجێگەیاندنی ئەرکێکی دیاریکراودا بووە ، هەربۆیە لە پاڵ سروشتی دەق و سەرهەڵدانی دەق ئەرکی دەقیش دێتە گۆڕێ)) (مەلازادە، 2020: 40-41) هەر لەبنەڕەتدا دەق بۆ مەبەستێك لەدایکدەبێت و ئەرکێکی تایبەتی بەسەردا دەدرێت، جا ئەو ئەرکەش بەپێی بارودۆخ و خواست و گۆڕانکارییەکان لە وەرچەرخانی بەردەوامدا دەبێت، لەم نێوەندەشدا زمان ڕۆڵێکی بنەڕەتی لە پێکهاتەی دەقی شیعریدا دەگێڕێت؛ چونکە زمان بە بڕبڕەی پشتی دەقی شیعریی دادەنرێت، کە ((ئەرکی شیعر وەکو بابەتێکی ئەبستراکت ڕۆڵی خۆی دەبینێت، سەرباری ئەوەش پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ ڕەگەزەکانی تری پێکهاتەی دەقی شیعریدا هەیە)) (کەریم، 2011: 33). ڕۆڵی زمان پرۆسەی جێگیرکردنی ئەرکی شیعرە لەنێو دەقدا، زمان ڕۆڵێکی سەرەکی لە تێکڕای ڕەگەزەکانی دەبینێت، ئەمەش دەریدەخات، هەموو ڕەگەزەکان لەڕێگەی زمانەوە بەدیار دەکەون و لەنێو دەقی شیعریدا بەرجەستە دەبن، هەروەها شیعر خزمەتێکی بەرچاو بە زمان دەکات، لەم بارەیەوە توێژەران ڕایان وایە ((ئەگەر قوتابخانەی شیعری بابان نەبوایە، شێوەزاری سۆرانی ئەو گەشەکردنە بەرچاوەی بەخۆوە نەدەبینی)) (سدیق، 2017: 9) واتە لەڕێگەی شیعرەوە خزمەتێکی گەورە بە زمانی کوردی بەگشتی و شێوەزاری سۆرانی بەتایبەتی کراوە، بەجۆرێك

قوتابخانەکە توانی سنووری جوگرافیاکەی خۆی تێپەڕێنێت و لە فەوتانیش ڕزگاری بکات، ئەمە جگەلەوەی ڕابەرانی قوتابخانە شیعرییەکە زۆرترین خزمەتیان بە داهێنان لەنێو زمانەکەو ئەفراندنی شیعریدا کردووە، بۆیە دەبینین ئەدۆنیس پێیوایە ((زمانی شیعر گوزارشت نییە بەڵکو داهێنانە)) (میرئاودەلی، 2015: 37). بۆچوونەکەی ناوبراو دروستە؛ چونکە لە بەرهەمهێنانی دەقی شیعریدا زۆرجار زمان دەئافرێندرێت، داهێنانەکە تەنها لەسەر ئاستی لایەنە هونەریی و ئیستاتیکییەکە قەتیس نامێنێت، بەڵکو دەپەڕێتەوەوە بۆسەر زمانی نووسینی دەقەکە؛ بۆیە دەکرێ بگوترێ: زمان لەنێو شیعردا هەموو ئەرکەکانی لەئەستۆیە و ڕەنگڕێژی دەق بە لایەنی ئیستاتیکی و ئەرکدارکردنی لەڕێگەی کەرەستە زمانەوانییەکەیەوە دەکات، کە لەدەقێکی هونەریی دێتەئاراوە و بەرجەستە دەبێت.

3- ڕەهەندی ئایینی لە شیعرەکانی کۆساری:

ئایین ئەو چەمکە گرنگەیە، کە جێی بایەخی تێکڕای مرۆڤایەتی بووەو ڕەهەندێکی دانەبڕاو بووە لەگەڵ مرۆڤدا. بەگشتی مرۆڤەکان هەڵگری ئایینی تایبەت بەخۆیانن ئەو ئایینە ئاسمانی یاخود داهێنراوی خۆیان بێت، پیادەی بنەما و پرەنسیپەکانی دەکەن، ئەمەش وادەکات ئایین کاریگەریی و شوێن دابنێت لەسەر مرۆڤی باوەڕدارو ڕەنگدانەوەی لەسەر ڕەفتار و گوفتار و تەنانەت بیرکردنەوەشی هەبێت. لەم بارەیەوە دەبینین (کۆساری)ی شاعیر وەکو باوەڕدارێکی موسڵمان کاریگەری و ڕەنگدانەوەی ئایینی ئیسلام بەقووڵی لەسەر شیعرەکانی بەدیارکەوتووە، بۆیە دەبینین بەشێکی زۆری شیعرەکانی ئەرکدار کردووەو لەپاڵ هونەرەکەی بابەتی ئایینی وەکو پەیامێك خزاندووەتە نێو دەقە شیعرییەکانی، وەکو:

هەرپێچی شیعری منتان دی ...

لە سەرە مەرگم گریا بوو!

ئەو دەمە دێ

دێنی یەکجاری ئازادی

بێ ڕوو بەستێ

هەی دێ ، هەی دێ

دێ بە دێ ، دێ

به خواستی ئەو

ئەو حەلە لاقی بەیداغی

یەکپەرستی

له کوردستاندا دەچەقێ (کۆساری، 2018: 179)

لەم کۆپلەیەدا شاعیر بەهیواوە لە ئاینده و داهاتووی ئایینی ئیسلام و کوردستانەکەی دەڕوانێ، پێیوایە ئەو ڕێبازەی گرتوویەبەر لە داهاتوودا بەرهەم و ئەنجامی دەبێت، کە مەبەستی ئازادییە لە خواپەرستی و دینداریدا، وایدەبینێت ئەو ئازادییە هەردێ و دێ بەدێ و شار بە شار تەواوی وڵاتەی دەگرێتەوە، ئاشکرایە ئایینی ئیسلام و هەموو ئایینە ئاسمانییەکانی تریش بۆ ڕزگاریی و فەراهەم بوونی دادپەروەری مرۆڤ هاتوون، دیارە کۆساریش لەسۆنگەی باوەڕبوونی تەواوی بە ئایینی ئیسلام و لەبەرڕۆشنایی بەها و ڕوکن و بنەماکانی ئەو ئایینە دەقەکەی خۆی هۆنیوەتەوە، خەون بە ئازادی و ڕزگاری نیشتمانەکەی (کوردستان) دەبینێت و پێشبینی ڕۆژی ئازادی نیشتمان دەکات، تێیدا ئاڵای خودا پەرستی ڕاستەقینە (التوحيد) بەرز دەکرێتەوە و ئەوکات نیشتمان لەژێر سایەی ئەو خودا پەرستییەدا بۆ خۆی پشوویەکی قووڵ دەدات.

بەکام کلۆجان ڕزگار دەبێت، لە پێش بارەگــای خودان
بێ لەل، ئەو دەرباز بووە، کە خـۆی بۆ کرد بە قوربان
هۆنراوەی (کۆساری) وەختە دەست بەردار بێت لەلاتان
لە شانۆی دونیادا شـادی و، لەوێش بەهەشت جێگاتان (کۆساری، 2018: 122)

لەبەر ئەوەی شاعیر هەڵگری بیرو باوەڕی ئایینی ئیسلامە و تەنانەت لەنێو هێزێکی سیاسی ئیسلامی کاری کردووە؛ بۆیە چەمکی ئایین بە ڕەهایی بەسەر شیعرەکانییەوە دەردەکەوێت، ئەوەی دەبینرێت ڕەهەندە ئایینییەکە پتر زاڵە بەسەر دەقەکەدا، بەجۆرێك ئەرکی شیعرەکەی خستووەتە خزمەتی ئایینی ئیسلام. کۆساری دەیەوێ بڵێ چۆن دەکرێ مرۆڤ ڕزگاری بێت لەبارەگای خودا، کە مەبەستی لێی دوای مردنە، ئەمەش ڕوونە دوای مردن مرۆڤ جارێکیدی زیندوو دەبێتەوەو ئامادە دەکرێن بۆ لێپرسینەوە، دەڵێ: تەنها ئەوانەی لە دونیادا قوربانیان لە پێناو باوەڕەکەیانداوە ڕزگاریان دەبێت، لە دوونیوە دێڕی دووەمیشدا وادەردەکەوێت مەبەستی ئەوە بێت، کە بە مردنم شیعرەکانم کۆتایی دێت و لە دەستتان دەچێت، بەڵام ئەو دەقانەی ماون دەبنە مایەی دڵخۆشی و شادی؛ چونکە شیعرەکان گرێدراوی ئیسلامن، بەمەش

دەیەوێ خوێنەر ئاراستەی وێنەی دواڕۆژ بکات، یان وێنەی دونیا و دواڕۆژ لە سۆژەی خوێنەر دروست دەکات.

هەر لەو ڕۆژەی،
کە زانیم کارخانەی ڕاستی ، بەس ئاشتییە
هەر لەو ڕۆژەی،
کە چیای بەفرینی ئاشتیم لێکدایەوەو،
لە زۆر قۆپی نەوی و بەرزا
ماندووی ڕێگام حەسایەوە ...
هەتا دەڵێ:
مۆخی ڕاستیش
تەنها یەکتا پەرستییە (کۆساری، 2018: 278)

لێرەدا کۆساری بە شێوازی شیعری ئازاد دەقە شیعریەکەی نووسیوەو بابەتی پەرستشی بۆ خودای تاك و تەنها (التوحيد) لە دەقەکەیدا دەچۆڕێت و زۆر بە زەقی هەستی خۆی دەردەبڕێت، بەزمانێکی سادە و ساکار شیعرەکەی بونیادناوە، کە مەسەلەی ئاشتی کردووە بە هەوێنی شیعرەکەی و لێزانانە توانیویەتی وێنەی شیعری لەنێو دەقەکەدا بڕوێنێت، کە پێیوایە چەمکی ئاشتی یەکێکە لەو بابەتە گرنگانەی چەندە کاریگەری بەسەر ڕەوتی ژیانەوە هەیەو چەندەش مایەی ئاسوودەییە بۆ کۆی مرۆڤایەتی، لەلایەکی ترەوە هەردوو بابەتی ئاشتی و ڕاستی بەیەکەوە گرێداوەو وابەستەی یەکدی کردوون؛ چونکە وایدەبینێت گەر ڕاستییەکان لەبەرچاوان ون نەکرێن و ببن بە ڕێگە و ڕێبازی ژیان، ئەوسا ئاشتی کۆمەڵایەتی و برایەتی نێوان مرۆڤەکان بەرقەرار دەبێت، کۆساری ئەم چەمکانەی بە شێوەی پلەبەندی ڕێکیخستووە، بەجۆرێك ئاشتی پەیوەست کردووە بە ڕاستی و هەروەك ڕاستیشی بەستووەتەوە بە پەرستنی خودای تاك و تەنها. کەواتە دیدی شاعیر بۆ چەمکی ئاشتی تەنها لەڕێگەی ئایینەوە سەرچاوەی گرتووە.

دەست نوێژی ئێوارەم گرت و
سەرم چوار جار، تەختی هەنیەی
ئەم تاتە پاکەی
ماچ کردو،

سکاڵای لە(بار)ی بەرزی

پەروەردگاری ئێوە کرد (کۆساری، 2018: 308)

ئاشکرایە وشەکانی (دەستنوێژ ، تاتە ، باری) ئامراز و کەرەستەی تایبەتن بە ئایینی ئیسلام لەوانە: دەستنوێژ بە یەکێك لە بنەماکانی نوێژکردن دادەنرێت، هەروەها وشەی تاتە بەرد بەو شوێنە دەگوترێت کە تایبەت کراوە بە جێی نوێژکردن لێرەوە دەکرێ ئاماژە بۆ ئەو پەیڤانە بکرێ، بوون بە کەرەستەی دەقەشیعرییەکە، بەوپێیەی ئایین خاوەنی کەرەستەی زانیاری فراوان و دەوڵەمەندە، لەڕێگەی دەستبردن بۆ کتێبە پیرۆزە ئایینییەکان ئەدەبیش توانیویەتی سوودیان لێوەربگرێت، کەرەستە و ئامرزای زانیاری دەوڵەمەند بۆ دەقە ئەدەبییەکان فەراهەم بکات (Chaudhary, 2015: 89). کۆساری بە سوودوەرگرتن لەو کەرەستە ئایینیانە شیعرەکەی خۆی بونیادناوە، کە لەم پارچە شیعرەدا باسی چۆنییەتی سکاڵاکردن لەهەندێ کەس بەشێوازە شەرعییەکە دەکات، ئەویش سەرەتا دەستنوێژگرتن پاشان نوێژکردن ئینجا نزاو پاڕانەوە و گلەیی خۆی دەبات بۆ لای خوداوەند، ئەم کۆپلەیە جگەلەوەی پەیامی ئایینی لەخۆیدا هەڵگرتووە، هاوکات ئەوەش دەردەخات شاعیر گازاندەی هەبێت، ئەمەش زۆری بۆهێناوە و پەنای بۆ لای پەروەردگار بردووە، کە بەتەواوی ئەرکداری کردووە بە مەسەلە ئایینییەکەوەو بۆ ئەو مەبەستە دەقەکەی داڕشتووە. یان دەڵێ:

لەمیانی گێتی، بوونی مرۆڤ ئەزموونە

قەیاغی ژین مەرگە و مردنیش ڕابوونە

گەردێك، لە گەردوونی بێگەرد، گەردن کەچ بێ

بیرکاری جیهان، تەنها بەرەو خوا چوونە (کۆساری، 2018: 322)

شاعیر لەم چوارینەیەشدا شیعرەکەی خستووەتە ژێر باری ڕەهەندی ئایینی؛ چونکە لەدوا دێڕدا بەڕوونی ئاماژە بۆ ئەوەدەکات، هەموو یاسا و هاوکێشەکان لەژێر فەرمانی خوداوەند دان، دەیەوێ بڵێ: هاتنی مرۆڤ بۆ سەر زەوی تاقیکردنەوەیە تەمەنەکەشی وەکو ڕووەکی (قەیاغ) کورتەو مەرگ هەمیشە لە بۆسەی چاوەڕوانیدایە بۆی، مردنیش بۆخۆی ڕابوون و زیندوو بوونەوەیەکی ترە لە دونیای داهاتوو (قیامەت)، هەروەها دەڵێ: تەنانەت بچووکترین مادەی وەك گەردێکیش لەم دونیایەدا ملکەچ و جێبەجێکاری فەرمانەکانی خودایە، دواجار هەرچی لەم گەردوونەدا هەیە وەکو هاوکێشە و یاساکان بە ئاراستەی فەرمانی خوداوەند ڕێکخراون و جموجۆڵ دەکەن. شاعیر لە ڕووی فەلسەفییەوە توانیویەتی مەسەلەی ژیان و مردن لەگەڵ چەمکی ئایین پێکەوە گرێبدات، لەو ڕێگەیەشەوە وێنەیەکی هونەری جوان بەرجەستە

بکات، کە زیاتر لە خزمەتی پەیامە ئاینییەکە دایە. لێرەشەوە سەرنجی خوێنەر دەباتە سەر تواناو دەسەڵاتە ڕەهاو لەبننەهاتووەکانی خودای مەزن، کە چەندە کاربەجێیەو کارهەڵسوڕێنەری تەواوی گەردوونە.

3- ڕەهەندی نیشتمانیی لە شیعرەکانی کۆساری:

نیشتیمان ئەو خاك و سەرزەمینەیە کە مرۆڤ تێیدا لەدایکدەبێت و دەژیت و پەیوەندیەکی تایبەت پێوەی دەیبەستێتەوە، ئەمەش وایلێدەکات بەردەوام وابەستەی بێت و لێی دانەبڕێت؛ بۆیە دەبینین زۆرجار نیشتیمان وەکو دایك وێناکراوە. ڕەهەندی نیشتیمانی نەتەوەیی لای زۆربەی شاعیرانی کورد بەرجەستەبووە و لە شیعرەکانیاندا ڕەنگیداوەتەوە ((ئەگەر وردبینەوە لە شیعری شاعیرانی کور ئەوە بەڕوونی دەبینین کە لەهەموو قۆناغەکانی شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، لای زۆربەی شاعیرانی کورد ئەو هەستە بەڕوونی دەردەکەوێت)) (علی ، امین،2023: 429). ئەمەش پەیوەندی بەو بارودۆخەی کوردستانەوە هەبووە، کە بەردەوام لەژێر چەپۆکی داگیرکەراندا بووە و هەمیشە لەچەوساندنەوەی گەلی کورد سڵیان نەکردۆتەوە و دەرفەتیاننەداوە کوردیش وەکو گەل و نەتەوەکانی تیر ببێت بەخاوەنی کیان و دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی. کۆساریش وەك ڕۆشنبیر و کوردێکی نیشتیمانپەروەر ئەم هەستە نیشتیمانییە لەلایدا دروستبووە و لەپێناویدا تێکۆشاوە.

1-3- ڕەهەندی نیشتیمانی لەشیعرەکانی کۆساریدا:

ڕەهەندی نیشتمانی یەکێکە لەو بابەتانەی، زۆر بەزەقی لەنێو شیعرەکانی کۆساریدا بەدیار دەکەوێت بابەتی خاك و نیشتمانە، شاعیر دەروازەیەکی تری بەڕووی شیعرەکانیدا واڵاکردووە، ئەویش مەسەلەی زێد و نیشتمانە هەمیشە خۆی وەك پێشمەرگە لەسەنگەری بەرگریدا دەبینێت و پاریزگاری لە وڵاتەکەی دەکات. ئەوەتا لە شیعرێکدا دەڵێ:

ئەم نیشتمانە بێ شوانە،

ئەو دوندانە خاك بەسەر و سەرگەردانە

فێرخوازێکە بێ فێرکار و

جەسوورێکە بێ دەستوور و

نەساغێکە، بێ چاوساغ و ، بێ سۆراغ و بێ دەرمانە (کۆساری، 2018: 209)

دیارە بابەتی نیشتمانیش پانتایەكی فراوانی لەنێو دیوانەكەیدا گرتووەو هاوشان لە بەرانبەر بابەتە ئاییینییەكە وەستاوە، لەم كۆپلەیەدا نیشتمانی كردووە بە بابەتی سەرەكی شیعرەكەی، گەر بەوردی لێیبڕوانین لایەنی هونەری لەپاڵ ئەركە نیشتمانییەكە بەرچاو دەكەوێت، توانیویەتی وێنەی شیعری تێدا دروست بكات، ئەویش بە بژاردەكردنی وشەو دەستەواژەكان بۆ مەبەستی خوازراو بە جێگۆڕكێ پێكردن و بەكارهێنانیان، دیارە شاعیر هەڵگری خەمی نیشتمانەكەیەتی ئەمەش لەو سۆنگەیەوە هەستی بە بێكەسی و بێخاوەنی وڵاتەكەی كردووە، لایوایە نیشتمانەكەی سەرگەردانە، هەرچەندە خواستی فێربوون و پێشكەوتنی تێدا هەیە، بەڵام كەس نییە دەستی بگرێت و وەك مامۆستایەكی فریادڕەس ڕێگەی ڕاستی نیشان بدات و فێری زانست و زانیاری بكات، یان وەك چاوساغێك ڕێگەی ڕزگاریی پێئاشنا بكات، شاعیر پێیوایە نیشتمانەكەی دەردەدارە و تووشی نەخۆشی كوشندە بووە، دەرمانێكیش بۆ چارەسەری بوونی نییە.

ئەی خاكەكەم!
حەوانەوەم لەژێر نسێی حەوای پاكی
خاكت نەبێت
ڕەنگی (حەوا)ی دەركراو و
بێ بەهەشتە
وێنەی ژیانێكی پڕژانی، نیوەگیانی
بەبێ هەست و نەست و خوستە          (كۆساری، 2018: 220)

ئاشكرایە هەموو ئەو گەلە چەوساوانەی، خاك و نیشتمانیان داگیر دەكرێت، لەلایەن ئەو گەلەوە ڕووبەڕووی بەرپەرچدانەوەی توند و شۆڕش و ڕاپەڕین دەبنەوە، هەروەك پێشتر ئاماژەمان بۆكرد، كە شاعیر خۆی لەنێو هێزێكی سیاسی و لە شاخ پێشمەرگە بووە، بۆیە بابەتی نیشتمان وەك ڕەهەندێكی دیار و هەژموونێكی زاڵ بەسەر شیعرەكانییەوە دەبینرێت، كۆساری بەجۆش و خرۆشەوە تاسەی نیشتمانی كردووە و هەستی شاعیرانەی خۆی لەمەڕ كوردستان بە دەقی شیعریی جوان دەربریو، پێیوایە ژیانی دوور لە خاك و نیشتمان دوور لە هەوا و سێبەری شاخ و نسارەكان بێت بە نەبوو دادەنرێت، لەم دۆخەدا ژیانی بە كولەمەرگی دێتە بەرچاو، یاخود ئەم دوورییە دەچوێنێت بە دووری (دایكە حەوا) كاتێك لەگەڵ (باوكە ئادەم) لە بەهەشت بەهۆی فریوخواردنیان لە لایەن شەیتانەوە وەدەرنران، ماوەیەكی زۆر لەپاش دەركرانیان لە بەهەشت دوور لەیەكبوون، دواتر یەكیان دۆزییەوە، بەسەرهات و چیرۆكی دەركرانی ئەو دوو زاتە زۆر كاریگەرە بەتایبەت لەڕووی لایەنی دەروونییەوە؛ چونكە ئەوان پێشتر لە شوێنێك بوون پێی

دەگوترێت بەهەشت، جێی باسە دوور کەوتنەوە لەو بەهەشتە و هاتن بۆ سەر زەوی بارودۆخێکی ناخۆشی لای (ئادەم و حەوا) دروست کردووە؛ بۆ ئەم مەبەستە شاعیر لێزانانە کەڵکی لەو بەسەرهاتە وەرگرتووە و کردوویە بە هەوێنی شیعرەکەی، ئەویش بە سوود بینین لە هەست و سۆز و لایەنە دەروونییەکە، توانیەیەتی دەقێکی شیعریی جوان بەرهەم بهێنێت.

هەروەك (زەڵم) هەتا ئێستا دەم و لێوی پاراوە
یا (شاهۆ) و کێوی (باڵامبۆ)
بەردەوامن
کە سەری کەشیان نە نەواوە
دڵنیابە ئەی خاکەکەم
سەر هەڵبڕە ، ئەشکت بسڕە
بەرگی سپی لەبەر بدڕە
هەوری ڕەشی ناهومێدی لەسەر ڕووخساری خۆر ببڕە
بێچوە هەڵۆی (شێخ سەعید) و (سەڵاحەددین)                (کۆساری، 2018: 225-224)

کۆساری لە ڕێگەی پەسنکردن و باسکردنی ئاوی زەڵم و هەریەك لە چیاکانی (شاهۆ ، باڵامبۆ) بەشی سەرەتای شیعرەکەی لەسەر بونیاد ناوە، ئەمەش بووە بەهۆی دروست بوون و هاتنە ئارای دەقێکی هونەری لێوانلێو لە وێنەی شیعریی، شاعیر توانیویەتی پەسنێکی جوانی وڵاتی کوردەواری بکات کە دەڵێ: لەبەر ئەوەی خاوەنی ئاوی زەڵم بی و ڕۆڵەکانت تینوێتیان بەو ئاوە شکابێ و لێی پاراو بووبن، خاوەنی کێوەکانی شاهۆ و باڵامبۆ بی، ئەی خاکی کوردستان بێخەمبە فرمێسکەکانت بسڕە و بەرگی ڕەشی پرسە فڕێدە و پۆشاکی ڕەنگین بپۆشە، هەروەها ئەو نائومێدییەش لە ئەنجامی زوڵم و ستەمی داگیرکەران و زاڵمان بەسەر خاك و خەڵکی کوردستان هێنراوە لەسەر ڕووخسارت لابیەرە؛ جگەلەوەی کە خاوەنی ئەو خاك و ئاو و کێوانەی هاوکات نەوەکانت نەوەی کەڵە پیاوی وەکو شێخ (سەعیدی پیران و سەڵاحەددینی ئەیوبی)ن، شاعیر کەڵکی لە لایەنی پەسنی خاك و کەسایەتییە مێژووییەکانی گەلەکەی وەرگرتووە و لەنێو شیعرەکەیدا نەخشاندوونی، کە بووەتە مایەی دەربڕینی هەست و سۆزی خۆی بەرانبەر بە پرسی نیشتمان و نەتەوەکەی.

بە وێنەی (حەمرین)

بوو به (قەندیل)

نەك هەر قەندیلی بە مەندیل

بوو به (سوورێن)

بوو به كێوی (ئاسنگەران)

بوو به لووتكەی سەختی شنوور

بوو به سنوور كاڵا و بەرگی سوور (كۆساری، 2018: 230)

كۆساری لەم كۆپلە شیعرەشدا هەستی خۆی بەرانبەر بە نیشتمانەكەی دەردەبڕێت، ئەویش لە ڕێگە ناوهێنانی چیاكانی (حەمرین ، قەندیل سوورێن ، ئاسنگەران) ئەم شاخانە دەكەونە ناو سنووری خاكی كوردستان، هەریەك لەو چیایانەش تایبەتمەندی سیاسی و مێژوویی ...هتد خۆیان هەیە، بۆ نموونە زنجیرە چیاكانی حەمرین بەپێی بەڵگەنامە مێژووییەكان دواسنووری كوردستانە لەگەڵ وڵاتی عێراقی عەرەبی، ئەگەرچی لەئێستادا هیچ پشتیوانییەك بۆ ئەم پرسە لەئارادا نییە، بەڵام ئەمە ڕاستییەكی مێژووییە و وەك بەڵگەش ماوەتەوە، چیای قەندیل لە ڕابردوو شوێنی داڵدەدانی پێشمەرگە بووە و لەوێوە توانراوە شۆڕش و پێشمەرگایەتی بمێنێتەوە و ئاگری شۆڕش و خەباتكردن دووبارە كڵپە بسەنێت؛ چونكە قەندیل چیایەكی زۆرسەختە دوژمنان و داگیركەرانی كوردستان دەستی داگیركاریان پێنەگەیشتووە. جێی باسە تائێستاش بنكەوبارەگای هێزە سیاسییەكانی پارچەكانی تری كوردستانی لێ نیشتەجێیە، چیای ئاسنگەرانیش، دەكەوێتە سنووری پارێزگای سلێمانییە لە قەزای ماوەت، نەك هەر ئەم چەند شاخ و كێوانەی شاعیر ناوی بردوون، بەڵكو هەموو چیاو دۆڵ و دەشتی كوردستان پەناگە و پشتیوانی گەلی كورد بوون، بۆ مانەوەی بەرانبەر بە داگیركەران، نەتەوەی كورد بەهۆی سروشتی خاكەكەیەوە توانیویەتی ڕووبەڕووی ستەمكاران ڕابوەستێ و خۆی ڕادەستی ناحەزان نەكات، كۆساری بە وروژاندنی بابەتی نیشتمان و خاك دەقێكی شیعریی جوانی هۆنیوەتەوە، لە باسی سنووردا جوانی هێناوە؛ چونكە هەم چیای حەمرین هەمیش قەندیل سنوورن لەگەڵ عەرەب و فارس، هەروەك پێیوایە لەپێناو پاراستنی خاكی كوردستان شەهید و قوربانی زۆر دراوە؛ بۆیە دەبینین باسی پەیڤی (بەرگی سوور) دەكات پێدەچێت مەبەستی بەرگی سوور و خوێناوی شەهیدان بێت.

هۆ كێوەڕەشی سەكەش!

دێتە بیرم

زۆرجار لەچنگی دڕی كوڕەكانی (میشێل عەفلەق)

لەناو بەندەن و ناگوێڕ و بەندەن و باخەڵتدا پاراستووم (کۆساری، 2018: 290-291).

کۆساری باس لە یادەوەری ئەو کاتانەی کە دەسەڵاتی ڕژێمی بەعس لە کوردستان زاڵبووە دەکات، ئەمەی کردووە بە هەوێنی شیعرەکەی و باس لە دۆخە ناخۆشەکان دەکات، کە شاخەکانی کوردستان بەدیاریکراویش کێوەڕەش شاخێکە دەکەوێتە سنووری قەزای ڕانیە، چۆن بوونە بە پەناگە و پارێزەری پێشمەرگە و ڕۆڵەی کورد لەدەستی ڕەش و دڕندانەی بەعس (مشێل عەفلەق)یش مەبەستی دامەزرێنەری حزبی بەعسی لەناوچووە.

3-2- ئاوێتەبوونی هەردوو ڕەهەندی ئایینی و نیشتمانی لە شیعرەکانی کۆساریدا

لە ڕووی زمانەوانییەوە بە پەیڤی ئاوێتەبوون دەست پێدەکەین، کە لە فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە بەواتای تێکەڵاو ، تێکەڵ هاتووە (هەژار، 1398: 16). هەندێجاریش زاراوەی ئامێتەش بەکار دەبرێت، بەڵام ئاوێتەبوون پتر بەکاردێت و لەنێو زمانی کوردیدا ڕۆیشتووە. ئەم زاراوەیە بە واتای بەناویەکدا چوون و تیکەڵاوبوون و لە باوەشگرتن دێت، ئەمەش لە بنەڕەتدا بە دوو مادە دەگوترێ کاتێ تێکەڵدەکرێن و ئاوێتەی یەکدی دەبن، جێی باسە وشەی ئاوێتە قەتیس نەماوە تەنها لە تێکەڵکردنی دوو مادە، بەڵکو واتاکەی بە ئاراستەیەکی فراوانتر لەناو زماندا ڕۆیشتووە، هەروەك دوو ناو یاخود دوو ئاراستەی هزری دەڕژێنە خانەیەکی تایبەت و پێکەوە کۆدەکرێنەوە و ئاوێتەی یەکدی دەبن. لەنێو بوارە ئەدەبییەکەدا پەیڤی ئاوێتەبوون زۆرتر بەرچاو دەکەوێت و لەهەر شوێن و جێیەك خاوەنی سەنگ و پێگەی خۆیەتی، بۆ نموونە وەك زاراوە لەنێو دەقە شیعرییەکاندا زۆر بە ڕەهایی بەکارهاتووە و بووە بەکەرەستەی زمانیی بۆ بونیادنانی دەقی شیعری، بەڵام وەکو چەمك و کردەی بیری واتا و مەبەستی جیاوازتری هەیە، ئەویش دەلالەتی بەیکگەیشتن و تێکەڵبوونی دوو بیری سەربەخۆ و جیا لە یەکدی دەگەیەنێت، ئەمە خاڵی بەیەکگەیشتنی دوو چەمکی جیاواز لەنێو دەقێکی شیعریی دەبێت، کە لە وەها دۆخێکدا دەقەکە دەبێت بە دوو ڕەهەندی، بەڵام ئەم ڕەهەندانە دژ بەیەك ناوەستن بەڵکو تەبا و هاوتەریب لەگەڵ یەکدیدا فۆرمەلە دەبن و یەکتر تەواو دەکەن، بۆ ئەم مەبەستە کۆساریی شاعیر دەستێکی باڵای هەبووە لە ڕێکخستن و کۆکردنەوەی چەمکە جیاوازەکان و دروستکردنی هاودەنگی و تەبایی لەنێوانیاندا، لەم ڕووەوە دەتوانین بڵێین کردەی ئاوێتەکردنی چەمکی ئایینی و بەستنەوەی بە بابەتی نیشتمانی بەشی هەرە زۆری شیعرەکانی شاعیری تەنیوە، بۆ ئەمەش چەندین دەقی شیعریی جوانی بەرهەمهێناوە لەوانە:

شەهیدێکم بینی

بەردێکی سووری لەژێر سەری دانا بوو ...

کاغەزێکی لە گیرفاندا بوو ...

دەرمهێنا و کردمەوە ،

لێی نووسرا بوو،

هەرکاتێك بینیتان

دار گوێزێك موتوربەی دار خورما بێت

ئەوسا دەشێت

ئاڵای غەیری ئیسلام

لە کوردستان ڕەگ داکوتێت. (کۆساری ، 2018 : 316)

لەم کۆپلە شیعرەی سەرەوەدا شاعیر هەردوو ڕەهەندی ئایینی و نیشتمانی لەنێویەکدا تواندووەتەوە و تابلۆی شیعرەکەی پێ نەخشاندووە، بەجۆرێك پەیڤەکانی: (شەهید ، دارگوێز ، کوردستان) دەلالەتی مەسەلە نیشتمانییەکەن، پەیڤەکانی تری وەك: (ئاڵا ، ئیسلام) ئەمانەش هەر لە خۆیاندا دیارە مەبەست لێیان بابەتی ئایینییە، لێرەدا شاعیریش بۆ هەمان مەبەست خواستوونی و بەکاری هێناون، لەم دەقەشدا شارەزاییانە هەردوو ئەرکی ئایینی و نیشتمانی بەیەکەوە گرێداوە و تێکیچڕژاندوون، بۆ وێنە سەرەتای دەقەکە دەخوێنیتەوە وادەردەکەوێت بابەتی شیعرەکە نیشتمانی بێت و ئەرکی پاراستنی وڵاتی هەڵگرتبێ، بەڵام کە دەگەیتە دوا دێڕەکانی ئەوکات هەست بە دوانەیی بوونی چەمکی ئایینی و نیشتمانی شیعرەکە دەکرێت، هەروەك باسی موتوربە کردنی دارگوێز لەگەڵ داری بەرِوودا دەکات، دیارە ئەم کردەیەش مەحاڵە ڕوودات و بە هیچ کلۆجێك نایەتە دی، ئاشکرایە شاعیر بە مەبەست دەستەواژەی لەم شێوەیەی بەکارهێناوە و دەیەوێ بڵێ: وەك چۆن ناکرێ ئەو دوو درەختە موتوربەی یەك بکرێن، ئاواش مەحاڵە جگەلە ئایینی ئیسلام هیچ ڕەوت و ڕێبازێکی تر بتوانێ لە وڵاتی کوردەواری ڕیشەی خۆی داکوتێ و گەشە بکات.

لوتکەی (قەندیل)

گەوەی (ماکۆك)

پێدەشت و بناری (حەمرین)ین

بڕنەوەکەی (شێخ مەحمود)ین

کڵپەی باوەڕ

گڕی (کەرکوك)

ناڵەی پیری بادینانین

پەنجەی زارۆڵی هەڵەبجە و

کفنی ئاڵی شەهیدانین

دەنگی قورئان چەکی خەبات

کێوی کۆڕێ و بالیسانین

بەرگ و نانی هەژاران و

خاك و خۆڵی کوردستانین (کۆساری، 2018: 215_218)

هەروەك پێشتر لە باسی شیعری نیشتمانی ئاماژەمان بۆ کرد شاعیر وەك کۆد و جەڤەنگ ناوی کۆمەڵێك شوێن و شاخ و کەسایەتی لەنێو شیعرەکانیدا بەکار دەهێنێت؛ ئەمەش لەبەر ئەوەی چ ناوبردنی شوێنەکان یاخود کەسایەتییەکان بێت، هەریەکە و خاوەنی ڕەهەندی تایبەتی خۆیانن و مەبەستێك لەپشت ناوهێنانیانەوە هەیە، دیارە (کۆساری)ش بە مەبەست ئەو کارەی کردووە، لەڕووی هونەرییەوە دەسەڵاتی شکاوە بەسەر دروستکردنی وێنەی شیعری ئەمەشی لەڕێگەی بەکارهێنانی ناوی ئەو شوێن و ناوچەو کەسایەتیانە کردووە، بەهۆیەوە توانیویەتی لایەنە هونەرییەکەی پێ بەرجەستە بکات، بۆ لێکدانەوەی ئەم دەقەش دەکرێ بەم شێوەیە بێت:

- شوێن و ناوچە شاخەوییەکان

(قەندیل ، ماکۆك) داڵدە و پشتیوانی بۆ خەباتکردن، (کەرکوك) گڕی باباگوڕگوڕ و تۆڵە سەندنەوە.

(پیری بادینان) واتە ڕژێمی بەعس تەنانەت بەزەیی بە پیرو بە ساڵاچوانیشدا نەهاتووە، (هەڵەبجە ، بالیسان) کیمیابارانکردن، (کۆڕێ) ئاماژەیە بۆ داستانی کۆڕێ لە ساڵی(1991) پێشمەرگە بەرانبەر بە ڕژێمی بەعسی عێراق تۆماری کردووە و سەرکەوت بەرسەیدا.

- کەسایەتییەکان

(شێخ مەحمودی نەمر) بە مەلیکی کوردستان ناسراوە لە ساڵی(1919) لە شاری سلێمانی شۆڕشێك بەرپادەکات و حکومەت دادەمەزرێنێت، هاوکات پێاوێکی ئایینی و شێخێکی ناسراو بووە. (سەڵاحەددین) ئاماژەیە بۆ سەڵاحەددینی ئەیوبی، ناوبراو یەکێك بووە لە کەسایەتییە ناودارەکانی ئیسلام و سەرکردە و ڕابەرێکی بەڕەگەز کورد بووە، کە زۆرترین خزمەتی بە ئایینی ئیسلام گەیاندووە و توانیویەتی وڵاتی موسڵمانان لە پەلاماری خاچ پەرستەکان بپارێزێت و (قودس) لەدەستیان ڕزگار بکات و مێژوویەکی پڕ

سەروەری بۆ خۆی و موسڵمانانیش تۆمار بکات. دەتوانین بڵێین کۆساری زیرەکانە هەردوو چەمکی ئایین و نیشتمانی لەنێو ئەم پارچە شیعرەدا ئاوێتە کردووەو وێنەو تابلۆیەکی سەرنجکێشی نەخشاندووە، کە خوێنەر بەخوێندنەوەی دەقەکە هەست بەوکردەی ئاوێتەبوونە دەکات؛ چونکە شاعیر لەلایەك خۆی بەمیراتگری سەرکردە موسڵمان و دیار و ناسراوەکانی کورد دەزانێت، لەلایەکی تریشەوە خۆی بە پێشمەرگەو پارێزەری کوردستان دادەنێت، دەیەوێ بڵێ: ئیمە لەبەر ئەوەی نەوەی سەڵاحەددینی ئەیوبی و شێخ مەحمودی نەمرین، دەبێت پارێزەری ئایین و نیشتمانمان بین، لەڕێگەی ئسلامەوە دەتوانین خاکی کوردستان لە چنگی داگیرکەران ڕزگار بکەین. لە دواکۆپلەی ئەم شیعردا دەڵێ:

تینووی ئیسلام،

سایەی دەوڵەت،

سەدای چەوساوەی جیهانین

نەخشەی یەکگرتنی کورد و

هەر پێنج پارچەی کوردستانین     (کۆساری، 2018: 218)

دیسان کۆساری لەڕێگەی تیکەڵکردنی هەردوو ڕەهەندی ئایینی و نیشتمانی دەقێکی شیعریی جوانی ڕۆناوە، کە تاڕادەیەك لەلایەنی هونەری و وێنەی شیعریی خاڵی نییە، بە دیدی شاعیر ئایینی ئیسلام شارێگەی ڕزگاری نیشتمانە و هۆیەکیشە بۆ بە دەوڵەت بوونی کوردستان؛ چونکە پێیوایە لەبەر ئەوەی هەڵگری پەیام و بەرنامەی ئایینی ئیسلام و لە خەمی چەساوەو هەژاراندایین، ئەوا توانای لکاندنەوەو لێکبەستنەوەی هەرپێنج پارچەکەی کوردستانمان هەیە، مەبەستی ئەو پارچەیەشە کەوتووەتە ڕووسیاوە(یەکێتی سۆڤیەتی جاران) بەکوردستانی سوور ناسراوە، کۆساری وایدەبینێت لە ڕێگەی تەبایی و یەکگرتنی گەلی کورد گەیشتن بە ئازادی و خودان بوونی دەوڵەت مەحاڵ نابێت و گەشبینیشە بۆ گەیشتن بەو مافە. کۆساری توانیویەتی هەردوو ئەرکی ئایینی و نیشتمان کۆبکاتەوە و لێکیان گرێ بدات، هەر یەك لەو ڕەهەندانەش لە گۆشەنیگای خۆیانەوە توانای خزمەت کردنیان هەیە، بە گەلێکی چەوساوە و ستەمدەی وەکو کورد.

وەك پێم وتن،

هەر لە پێشا

توڕبێنی شیعرم بۆ ڕشتن

من شیعری نووسراوەی نووکی

ئەو قەڵەمدارە ، بێ دارە بڕوادارە وەفادارەم

بۆ ئەو ڕێبازە

ئەو کوردە کورتە ڕێبوارەم

باوکی بەڕووم قەد و باڵای کوردستانی پڕ ئازاردا

دەمار و ڕێی

بە سروشتی بەدیهێنەری گۆشکراوە (کۆساری، 2018: 244)

شاعیر لەم شیعرەیدا هاوتەریب لەگەڵ بیروباوەڕە ئایینیەکەی هەستی خۆی بەرانبەر بە کوردستان دەردەبڕێت و هەوڵدەدات پەسنی شیعرەکانی خۆی بکات، واتە دەیەوێ بڵێ: ڕاستە نووسینی شیعری من ئاوایە، لەنێو شیعرەکەیدا باسی (بەڕوو) دەکات، کە جۆرە درەختێکە تەنها لە ناوچە شاخاویەکان دەڕوێت، ناوبردنی ئەو جۆرە درەختە ڕەنگە ئاماژەیەك بێت بۆ جیاکردنەوەی خاکی کوردستان لەگەڵ ناوچە عەرەبییەکان، بەتایبەت باشووری کوردستان، جگە لەوەش درەختی بەڕوو زۆر بەهێزەو لە ناواخنیدا پڕوبتەوەو بەئاسانی ناشکێت، درەختی بەڕوو توانای بەرگەگرتنی بەهێزی هەیە، بەرگەی سەرماوسۆڵەی زستان دەگرێ و خۆڕاگرە، شاعیر سوودی لە چواندنی خۆی بەو درەختە بینیوە، کە بونیادی وێنە شیعرییەکەی لەسەر دامەزراندووە، ئاشکرایە کۆساری شیعرەکەی خودان ئەرکی ئایینی و نیشتمانی کردووەو لای ئەو شیعر هۆکارێکە بۆ خزمەتی بابەتەکانی وەکو: (ئایین و نیشتمان).

ئەی هەوێنی ئاوێنەی خۆشەویستییمان!

ئەی ڕاگری نساری ژیان،

ئەی ڕێکخەری ڕاڤە و ڕێسای دونیای قوڕئان،

ئەی دروستکەری چەك و پێشمەرگە و کوردستان (کۆساری، 2018: 279).

کۆساری لەم پارچە شیعرەیدا ئاماژە بۆ دەسەڵات و توانا لەبنەهاتووەکانی خودای گەورە دەکات و دەڵێ: هەوێنی خۆشەویستی نیشتمان و ڕاگری تەواوی کۆڵکەکانی ژیان، ئەی ئەو زاتەی، کە هەرخۆت خاوەنی یاسا و ڕیسا و ڕاڤە و شیکاری و سوڕەت و ئایەتەکانی قۆرئانی، هەرخۆشی خالقی پێشمەرگە و خاکی کوردستانە، ئەوەی لەم شیعرەدا تێبینیدەکرێت شاعیر بەجۆرێك لەجۆرەکان دەیەوێ گفتوگۆ لەگەڵ خودادا بکات، لێرەوە دەیەوێ ئەوە بە خوێنەر ڕابگەیەنێت کە هەمووشتێك لەم ژیان و گەردوونە خودای

گەورە خۆی خەلقی کردووە و هەرخۆشی هەڵسووڕێنەری تەواوی کایە جیاوازەکانی ئەم ژیان و گەردوونەیە.

بەڵێ (موحەممەدی) بەجەوهەر

بەموحتەوای ڕاستگۆی سەروەر

لەپێناو (زێد)دا هاتمەدەر

تاخودا نەمخاتە سەقەر (کۆساری، 2018: 139).

ئەوەی لەم کۆپلە شیعرەدا هەستی پێدەکرێت ئاوێتەکردنی ڕەهەندی ئایینی و نیشتمانییە، بەجۆرێك شاعیر لەڕێگەی ناوهێنانی پەیامبەر موحەممەد (د.خ) وەکو شێوازێك لە دواندن دەیەوێ بڵێ تۆ خاوەنی ناوەرۆك و جەوهەرێکی ڕاست و ڕاستگۆی، دڵنیابە من بۆیە بەرگری لە (زێد) کە مەبەستی نیشتمانەکەیەتی دەکەم بە ئەرکێکی ئایینی خۆمی دەزانم، کۆساری پێیوایە گەر بەرگری لە خاك و نیشتمانەکەی نەکات لە ڕۆژی دواییدا لای خوداوەند توشی سزای قورس دەبێت، بۆ ئەمەش باسی پەیڤی (سەقەر)ی کردووە کە شوێنێکە لە دۆزەخ و دەکەوێتە بەشی ژێرەوە و شوێنی سزادانی تاوانبارانە.

ئەنجامەکان

1. ئایین و ئەدەب پەیوەندییەکی دوورودرێژیان هەبووە، ئەم پەیوەندییەش دوو ئاراستەی گرتووە، یەکێکیان بۆ خزمەتی ئایین، ئەویتریشیان بۆ خاتری ئەدەب بووە.
2. (کۆساری)ی بە شێوەیەکی بەرفراوان هەردوو ڕەهەندی ئایینی و نیشتمانی لەنێو شیعرەکانیدا بەرجەستە کردوون.
3. ڕووبەری شیعرە ئایینی و نیشتمانییەکانی (کۆساری) بەراورد بە یەکدی هاوتان و ڕێژەکەیان لەیەکەوە نزیکە.
4. دەقی ئاوێتەی ڕەهەندی ئایینی و نیشتمانی و توانەوەیان لەگەڵ یەکدی لەنێو شیعرەکانی (کۆساری)یدا بەرچاودەکەون.
5. لە ڕووی بونیادی هونەرییەوە بەگشتی وێنەی شیعری و ئیستاتیکای هونەری جوان لە نێو شیعرەکانی (کۆساری)یدا بوونیان هەیە.

سەرچاوەکان

❖ یەکەم: قورئانی پیرۆز:

❖ دووەم: بەزمانی کوردی:

1. الرحمانی، ئەحمەد (2021). تیۆرەکانی ڕەخنەی ئەدەبی و پراکتیزەکردنیان، و. سەردار گەردی، چاپی یەکەم، هەولێر، ناوەندی ڕۆشنبیری ئاوێر.
2. خاڵ، محمد ( 1366). فەرهەنگی خاڵ (کوردی - کوردی)، چاپی یەکەم، جزمی یەکەم، ب.د، سەقز.
3. خەزنەدار، مارف (2001). مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.
4. حوسێن، هیمداد و نازم، سەنگەر (2020). ئەدەبی جیهانی (چەمك و مێژوو ئارێشەکان)، چاپی یەکەم، هەولێر، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.
5. عبداللە، سعید محمد (2022). ئایدیای سۆفیزم و ئیستاتیکای دەق (مەولەوی (1802 – 1886) وەکو نموونە، **مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية**، کرکوك، مجلد:17، عدد:11، (373-387).
6. علی، بێستوون عادل و امین، محمدامین محمدنوری (2023). بیری نەتەوەیی و وەهمی دەوڵەت لە هاوکێشەی مەعریفی کورددا، **مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية**، کرکوك، مجلد:18، عدد:2، (423-454).
7. هەژار، عبدالرمان شرفکندی (1398). فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە (کوردی - فارسی)، چاپی سێزدەهەم، چاپخانە انتشارات سروش.
8. سدیق، ئارام (2017). زمان و شیعرییەت، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی ئەندێشە.
9. کۆساری، خدر محەمەد رشید (2018). بورکانی شیعر دیوانی کۆساری، چاپی چوارەم، هەولێر نووسینگەی تەفسیر.
10. کەریم، ئازاد عبدالواحید (2011). ڕەگاڵەکانی دەق، چاپی یەکەم، کەرکوك، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی.
11. کەڵهوڕ، نەوزاد (2008). ڕەهەندی ئایین لە شیعری کلاسیکی کوردی، چاپی یەکەم، هەولێر. نووسینگەی تەفسیر بۆ بڵاوکردنەوە ڕاگەیاندن.
12. میرئاودەلی، عومەر (2012) ئایین و ئیستاتیکا ، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپحانەی کەمال.

13. مەلازادە، ڕێبوار محەمەد (دکتۆر) ، (2020) تیۆری ئەدەبی دەقی شیعری کوردی لە تیۆری ئەدەبیدا ، چاپی یەکەم، هەولێر، ناوەندی بڵاوکردنەوەی ئاوێر.

14. سەعید، ڕۆف یوسف (2019). ئەدیبانی پێشوو لە هەوڵی بە ئیسلامیکردنی ئەدەبدا نەبوون، ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان
/https://www.islahweb.org/ku/post
وەرگیراوە لە ڕێکەوتی (2024/10/18)

❖ سێیەم: بەزمانی عەرەبی:

15. العدوان، خالد على سالم (2007). المعاني الدينية في شعر شعراء ما قبل الإسـلام، رسالة الماجستير، في اللغة العربية قسم اللغة العربية وآدابهـــا، جامعة مؤتة، الأردن.

❖ چوارەم: بەزمانی ئینگلیزی:

16. Rani, Nitasha (2021). Relation between Literature and Religion, Quest Journals Journal of Research in Humanities and Social Science, New Delhi, India, Volume 9 ~ Issue 6, pp: 59-62.

17. Chaudhary, Shahzad Latif (2015). COAXING BETWEEN RELIGION AND LITERATURE, The 2015 WEI International Academic Conference Proceedings Vienna, Austria.